هاگەیاندنی هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی عێراقدا



محەمەد شیاع سودانی، سەرکۆنزیرانی عێراق ئەو هاوپەیمانییە سیاسییەی ئاشکرا کرد کە لە هەڵبژاردنی داهاتوی پەرلەمانی عێراقدا بەشداریی دەکات. کە هاوپەیمانییەکە ناوی إئتلاف الإعمار و التنمیە (هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان)ـە و ژمارەیەك لە سەرکردەی شیعەکان و سونەکان لە خۆدەگرێت لەوانە ئیاد عەلاوی، سەرکی هاوپەیمانی نیشتمانی و فالح فەیاز، سەرۆك دەستەی حەشدی شەعبی، وەزیری کار و پارێزگاری کەربەلا و ژمارەیەك حزب و هاوپەیمانی دیکە.

هاوپەیمانی الإعمار و التنمیە کە سودانی سەرکایەتی دەکات ئەمڕۆ سەشەممە لە هاگەیەندراوەکدا بڕیاریدەوە، بە هەڵچاوکردنی ئەو بەڵێنەی کە بە گەلیان دابوو، بۆ کارکردن، خزمەتکردن، پاراستنی خاك، سەروەری دامەزراوەکانی دەوڵەت و دابینکردنی ئامرازەکانی گەشەپێدانی بردەوام، لەگەڵ ژمارەیەك لە هێز و بزوتنەوە نیشتمانییەکانی عێراق، هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق هادگەیەنین.

ئاماژەی بۆشکرد، هاوپەیمانییەکە لە هێزە سیاسی و نیشتمانیانەکانی وەك رێوتی فوراتین، ئیئتیلافی نیشتمانی، هاوپەیمانی گرێبەستی نیشتمانی، هاوپەیمانی داهێنەرانی کەربەلا، گردبونەوەی وەاتی سەمەر،

گردبونەوەی نەوەکان، هاوپەیمانی چارەسەری نیشتمانی پێکدێت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، ئەوان هەمیشە بەرژەوەندییەکانی عێراق و عێراقییەکانیان لە پێش هەموشتێکەوە داناوە، هەروەها ئاوەدانکردنەوەی بەردەوام، بەهێزکردنی ئابووری، تەواوکردنی ژێرخان و پڕۆژە ستراتیژییەکان، ئاسایش و سەقامگیریی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ژینگەی ناوچەیی و عەرەبی و نێودەوڵەتیدا ئامانجیانە.

ئەوشی خستەو، ئەوان لەسەر ئەو هەنگاوە گەورانەی لە ماوەی دو ساڵی ڕابردودا ناویانە و لە ژێر ڕۆشنایی ئەو خزمەتگوزاریی، گەشەپێدان،ڕەخساندنی دەرفەتانەی کە کاری حکومەت شایەتحاڵین کاردەکەن.